KOYA UNIVERSITY

# NÚCENAME

Press room | **24-Jun-16** | News #10, **Issue 18**, Jun 2016

## خوێندکارێکی زانکۆی کۆیە پرۆژەی تایەی زیرەك ئەنجام دەدات

شڤان حەکیم ڕەزا خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی ئەندازیاری دروستکردن لە زانکۆمان ، بە هاوکاری مامۆستاکەی، پرۆژەی (گۆڕانکاریکردن لە پێکهاتەی تایە بۆ شێوەی زیرەك)ی ئەنجام داوە، پرۆژەکە بریتیە لە گۆڕانکاریکردن لە تایەدا، واتە ئەو چینانەی کە تایەی لاستیکی ئۆتومبێلی لێ پێکهێنراوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت بۆ شێوەی زیرەك، بە شێوەیەك بتوانێت دۆخی تایەی ئۆتومبیلەکە بە شۆفیرەکە بڵێت، لە هەر کێشەیەك کە لە تایەکەدا بێت .

### بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە؟

شڤان سەبارەت بە پرۆژەکەی دەڵێت " سەرەڕای پێشکەوتنەکانی پیشەسازی ئۆتومبێل، بەڵام تایەکانی ئۆتومبیل وەك پێویست نیە، بۆیە هەستمان کرد کە پێویستە داهێنانێکی نوێ زیاد بکەین ئەویش بە گۆرینی تایەی ئاسایی بۆ تایەی زیرەك، وەك ئاگادارن تواوی پێشکەوتنەکان بەرەو زیرەك بوون دەڕۆن ".
لە بارەی بیرۆکەی پرۆژەکەوە شڤان دەڵێت " لە ڕاستیدا لە وانەی (وۆرك شۆپ) ی ئۆتومبێل لە کاتی

> " بە پێی توێژینەوە جیهانییەکان (٢٥ــ٣٠%) وەرگەڕانی ئۆتومبێلەکان لە ئەنجامی بوونی کێشەی کەم هەواییە یاخود تەقین یان دڕانی تایەکان لە ئەنجامی ئەو ماددەیە کە تێدا ڕۆچووە، بەتایبەتی لە وەرزی گەرما و خێرا ڕۆیشتن یان کاتێك پێویست بکا کە خێراییەکەی کەم بکەیتەوە"

کارکردن بیرۆکەی ئەم داهێنانە لە ئەنجامی گفتوگۆی من و مامۆستاکەم (ئاکۆ کاکەڕەش عمر) دروست بوو، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پرۆژەیە سەردانی ناوچەی پێشەسازی و ئینتەرنێتمان کرد و بۆ ماوەی مانگێك لێکۆڵینەوە و چەند گۆڕانکارییەك لە بیرۆکەکەمان، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە پێویست و گونجاوە بۆ سەردەمی ئێستا ".

### ناوەڕۆکی پرۆژەکە

"لەم توێژینەوەیەدا هەڵساین بە دروستکردنی دوو چینی گەیەنەری شێوە تۆڕ بە دانانی چینێکی پۆلیمەری لە نێوانیادا، ئەم پرۆژەیە لە توانای دایە داتای تەواو لە تایەکانی ئۆتومبێلەوە بنێرێت بۆ داشبۆردی ئۆتومبێل و ئاگادارمان بکاتەوە لە هەر تەنێك، کە لە توانای دابێت تایەکە کوون بکات وەك

### زانکۆی کۆیە و زانکۆی دیجلە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ڕێکدەخەن

...

زانکۆی دیجلە لە شاری دیاربەکر (ئامەد) یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە کوردۆلۆجی ڕێکدەخات، لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆنفرانسەشدا زانکۆی کۆیە بەشدارە، بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم توێژەران و مامۆستایانی زانکۆی کۆیە دەتوانن توێژینەوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بن.

زانیاری پتر لە پێگەی تایبەتی کۆنفرانس بخوێنەوە ، لێرە کلیك بکە.





شڤان پرۆژەکەی بۆ خوێندکاران باس دەکات!

بسمار، برغو، مادده پۆلیمەر و شوشەییەکان لە ئاستێکی ئەندازیاری پێویستڤ، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆیە لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت مادده گەیەنەرەکان کە تایەی ئۆتۆمبێلەکان کوون دەکەن توانای هەیە بە ڕێژەی (٩٩%) پیشانی بدات کە تایەکە کوون کراوە، بەڵام بە مەرجێك ئەو چینەی بڕببێك کە لە ناو تایەکە دامان ناوە، بۆ شوشە و پۆلیمەر ڕێژەکەی لە (١٠%) کەمترە .

هەروەها لە نوێترین داهێنانی تایەی سەیارەدا لە ئێستادا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ڕێژەی هەوا لە تایەکاندا چەندە، کەمی کردووە یاخود زیاد، بەڵام هۆکاری پشت ئەو کێشەیەمان پێ ناڵێت کە لە وانەیە لە ئەنجامی ڕۆچونی یاخود کون کردنی چینەکانی تایەکە لە لایەن برغوێك یان بسمارێکەوە بێت .

بە پێی توێژینەوە جیهانییەکان (٢٥ـــ٣٠%) وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکان لە ئەنجامی بوونی کێشەی کەم هەواییە یاخود تەقین یان دڕانی تایەکان لە ئەنجامی ئەو ماددەیە کە تێدا ڕۆچووە، بەتایبەتی لە وەرزی گەرما و خێرا ڕۆیشتن یان کاتێك پێویست بکا کە خێراییەکەی کەم بکەیتەوە"

### ئەم پرۆژەیە لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا پێشکەشکراوە

پرۆژەکەی شڤان لە کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی ئەندازیاری و نوێگەری لە زانکۆی صلاح الدين (١٢-١٤ نیسانی ٢٠١٦ (پەسەند کراو پێشکەشکرا لەلایەن (م.ی. ئاکۆ کاکە ڕەش عمر) " هۆکاری ئامادەنەبونی من ئەوە بوو کە من ئێستا خوێندکاری قۆناغی سێیەمی ئەندازیاریم لە زانکۆی(Minho) م لە وڵاتی Portugal لەسەر بەرنامەیErasmus ، کە لە دواین هەواڵیشدا ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانستی زانکۆی صلاح الدين بڵاودەکرێتەوە، دوو جاریش ئیمەیڵی فەرمی لە دەزگای لامپاردی ئەڵمانییەوە بەدەستمان گەیشتووە کە داوا دەکەن پوختەی توێژینەوەکەمان بڵاوبکەنەوە ".

هەموو ئەوکەسانەی کە ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنن، بە تایبەتیش داهێنەرانی بواری پیشەسازی پۆلیمەری زیرەك جا چ بۆ تایە بێت یاخود بۆ داپۆشەرە لاستیکیەکان. بازنەی خوێنەران و پێکهێنەرانی ئەم توێژینەوە پێك دەهێنن .

### فەکەڵتی ئەندازیاری

فەکەڵتی ئەندازیاری لەزانکۆی کۆیەدا شوینێکی نمونەییە بۆ دەستخستنی زانست و زانیاری. فەکەڵتی ئەندازیاری سەنتەرێکی نمونەیی دابینکردنی خوێندن و توێژینەوەی پێشکەوتووە لەبوارە جیاوازەکانی ئەندازیاریدا. ئەم فەکەڵتیە لە حەوت بەش پێکهاتووە کە ئەوانیش بریتین لە: بەشی ئەندازیاری شارستانی، بەشی ئەندازیاری جیۆتەکنیکی، بەشی ئەندازیاری تەلارسازی، بەشی ئەندازیاری نەوت، بەشی ئەندازیاری کیمیایی، بەشی ئەندازیاری دروستکردن و بەشی ئەندازیاری سۆفت وێر. جگە لەمانەش، فەکەڵتی ئەندازیاری سەنتەری توێژینەوە و نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری و یەکەی کاروباری زانیاری و خوێندنی باڵا و یەکەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و یەکەی دڵنیایی جۆری و یەکەی تاقیگەکان و یەکەی تەکنەلۆژیای زانیاری و یەکەی تەندروستی وسەلامەتی و یەکەی ژمێریاری و یەکەی وۆرکشۆپیش لە خۆدەگرێت. بۆ زانیاری زیاتر، لێرە کلیك بکە.

### ئەندازیاری دروستکردن

بەشی ئەندازیاری دروستکردن یەکێکە لە حەوت بەشەکەی فەکەڵتی ئەندازیاری کە لە ساڵی ٢٠١٣ دا کرایەوە بەپێی تازەترین پێوەر لە ڕووی




بنیات نانی پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن و ژمارەی کاتژمێر و یەکەکان. دەتوانین بەشانازییەوە بڵێین کە ئەم بەشە یەکێکە لەو بەشانەی کە ستراتیژی تیروانین و پلانە ورد دارێژراوەکەی زۆربە وردی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەنجام دراوە بەسوود وەرگرتنی تەواو لە ئەزموونی بەشەکانی تری هاوشێوەی لە زانکۆکانی تردا، بەشی ئەندازیاری دروستکردن تاکەبەشە لەهەموو کوردستان کە بتوانێت لەسەر ئەم زانستە کادر بەرهەم بهێنێت. بۆ زانیاری زیاتر، لێرە کلیك بکە.

**ئامادەکردنی : ژووری هەواڵ**



*For further stories please visit our website at*
*Pressroom.koyauniversity.org*


Koya University
pressroom.koyauniversity.org
pressroom@koyauniversity.org